# لەزیندانەکانی ئەبوغریبەوە
# بۆ
# زیندانەکانی وەزارەتی ناوخۆی عیراق!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

بەپیی هەوالەکانی ناخۆی عیراق و جیهان، لەوەزارەتی ناوخۆی عیراقیدا لەناوەندی بەغدادی پایتەخی عیراقدا، زیندانی نهینی دۆزاوەتەوەو لەو زیندانەدا نزیکەی 200 زیندانی مەوجود بوە لەگەل 50 جەلاد کەکاریان ئەشکە نجەدانی ئەو زیندانیانە بوە، ئەم جارەیان واوەتر لەزیندانەکانی ئەبوغریب رۆیشتووە زیندانەکان شاراوە بوون و لەلایەن خودی دەولەتەوە، کەوەزارەتی ناوخۆی دەولەتە قەومی و ئیسلامیەکەی دەستکردی ئەمریکایە مافەکانی مرۆڤی عیراقی پیشیل ئەکریت، کەقەراربوو ئەم دەولەتە باشترین شیوەی دەولەتی دیموکراتی هاوشیوەی ئەمریکا بیت لەناوچەکەدا! بەلام بەپیچەوانەوە شتیکی تر بەرچاو کەوت. هەوالەکان رادەکەیەنن کە زیاتر لەهەزار زیندانی بەم شیوەیە هەیە، زیندانیەکان بەشیوەی جۆراوجۆر بەکیبل و کورسی و شفرەی برینی بەشەکانی لەش، ئەشکە نجە دراون و وە دەلین کەکۆمەلیکی زۆریان بۆ ماوەی چەند هەفتە هیچ خواردنیان پینەدراوە، لەناو زیندانەکاندا منالی تەمەن 15 سالانیشی تیدایەو بەرئە نجامی تەعزیب هەندی لەزیندنەکان توشی شەشەل بوون، وە زۆریکیان ئاسەواری ئەشکە نجە بەلەشیانەوە دیارە.



کردەوەی نامرۆڤانە لەگەل زیندانیەکانی ئەبوغریب

ئەم زیندانە شاراوەیە لەکاتیکدا دەردەکەویت کەتەنیا مانگیك بەسەر هەلبژاردنە گالتەجاریەکەی دەستوردا تیدەپەریت، کەقەرار بوو خیرو خۆشی بەدوایدا بۆ خەلکی عیراق بینیت، هیشتا ئازارو کارەساتی زیندانیەکانی ئەبوغریب لەمیشکی خەلکی عیراق دەرنەچووە ئاسەواری ئەشکە نجە لای زیندانیەکانی ئەبوغرییدا نەسراوەتەوە کەهیزەکانی ئەمریکاو فرەنەژاد ئە نجامیان دا، ئە مجارەیان خودی قەومی ئیسلامیەکەی ئیستای عیراق و وەزارەتی ناوخۆی دەولەتەکە هەلدەستیت بەئیدامەدانی تجروبەکانی دەسەلاتداریتی رژیمی بەعسی صدام و ئەبوغرییی ئەمریکا، ئەمە یەکەم جار نیە لەلایەن خەلکی عیراق و هیزو لایەنەکانەوە لەسەر پشیلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو هیزەکانی ئەمریکاوە دەرخریت روو، بەلام لەبەرئەوەی کەماهیەتیان ئەمەی ئیمرۆ بوو کەدەرکەوت گویان پینەداوە، لەکاتیکدا بۆ خەلکی عیراق رونە کەزۆریك لەتاوان ئە نجام دراوە بەسەیارەو جلوبەرگی وەزارەتی داخلیەوە، بەجیا لەوەی کەعیراق بۆتە مەیدانی شەری تیرۆریستان و جیا لەو سەربرین و فتواو تەجاوزاتی جنسی ئاشکرا بەپیی دینی ئیسلام، رۆژانە لەزۆر شوینی عیراقدا بەدەیان کەس بەدەست و چاوی بەستراو بەکوژراوی و بونی ئەشکە نجە بەلەشیانەوە دەبینریت و لاشەکانیان لەقەراغ ئاوو چۆلایدا دەدۆرزیتەوە، بەجیا لەوەی کە پەیامی دوای دەستورە قەومی و ئیسلامیەکە فراوانبونەوەی مەیدانی کاری تیرۆریستی و کشانی بۆ هەموو ناوچەکانی عیراق و لەوانە بۆ کوردستانە.



شوینی ئەشکە نجەی زیندانیەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئیستای عیراق

ئەمانە هەمووی خە لکی عیراقی بەکوردو عەرەب و لایەنەکانی ترەوە لەبەردەم هەرەشەی مەرگی رۆژانەدا داناوەو گەندەلی ئیداری و دزی و جەردەیی دەسەلاتداران، خەلکی سەرتاسەری عیراق و کوردستانی بەشیوەیەکی فراوان بیزار کردووە نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی رۆژانەی کوردستان و ناوەراست و خواروی عیراق و دەنگ نەدان بۆ دەستورەکەیان، هەموو دەسەلاتدارانی خستۆتە بەردەم هەرەشەوە.



هەوالی بەکارهینانی
فسفۆری سپی لەعیراقدا

هاوکاتی ئەمانە خەریکە پیشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەعیراقدا رۆژانە زیاتر رۆشن دەبیتەوەو لەبەکارهینانی ئەو چەکانەی کە پیشتر شەری عیراقیان لەسەر دروستکرد، بیگومان هەموو ئەمانەو زۆریکی تر کەئاشکرا دەبیت و ئایندەیەکی خراپتر لەژیر حاکمیەتی ئەمانەدا بەوجود دینیت، شتیکی چاوەرانکراوەو ئەم دستەوتاقمە چەقۆکیشە قەومی و عەشایەری و ئیسلامیە، پەیامیکی لەمەزیاتریان بۆ خەلك پی نیە.

تەنیا ریگایەك لەبەردم خەلکی عیراق و کوردستاندا دەمینیتەوە بۆ ئەوەی لەکارەساتەکانی زیندنەکانی ئەبوغریب و زیندانەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی قەومی ئیسلامی عیراقی و تەقەکردن لەخۆپیشاندەرانی خەلی شاری سەماوەو کەلارو سلیمانی ئاکری و لەدزی و گەندەلی ئیداری دەولەت و دەسەلاتداران و دەسەلاتەکانیان رزگاریان ببیت، هینانە مەیدانی هیزو ئیرادەی خۆیانە لەدەوری ریگا چارەی ئینسانی و رادیکالی غەیرە قەومی و دینی و عەشایەری و پیکهینانی دەسەلاتداریتی خۆیانەو هەر لیرەوە خەلکی کوردستانیش دەتوانیت بەریگا چارەو مافە رەواکانی یەکجاری خۆی بگات.

2005-11-16